# زیادبوونی هێرشەکانی داعش

13-05-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** لەماوەی یەک مانگی رابردوودا ئەمە سێیەمجارە داعش هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگە. لایەنی کوردی، بۆشایی ئەمنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکان دیکەی عێراق بەهۆکاری ئەو کەلێنە ئەمنییانە دەزانن کە داعش دەتوانێت لەوانەوە فرسەتی خۆی بێنێ. ئەوە بۆ نزیکەی 4 ساڵ دەچێت کە گرفتی ئەو بۆشاییە ئەمنییانە لە بەینی هەردوولا چارەسەر نەکراون، کە لەدوای رووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017وە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پەیدا بووە. دەستپێشخەرییەکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیش بۆ درووستکردنی 4 ناوەندی هەماهەنگی سەربازیی لە بەینی هەردوولا لەو ناوچانە بە ناچڵی ماوەتەوە. بەڵام هەمو بابەتەکە ئەو بۆشاییە ئەمنییانە نین!

زریان رۆژهەڵاتی|

لەماوەی یەک مانگی رابردوودا ئەمە سێیەمجارە داعش هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگە. لایەنی کوردی، بۆشایی ئەمنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکان دیکەی عێراق بەهۆکاری ئەو کەلێنە ئەمنییانە دەزانن کە داعش دەتوانێت لەوانەوە فرسەتی خۆی بێنێ. ئەوە بۆ نزیکەی 4 ساڵ دەچێت کە گرفتی ئەو بۆشاییە ئەمنییانە لە بەینی هەردوولا چارەسەر نەکراون، کە لەدوای رووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017وە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پەیدا بووە. دەستپێشخەرییەکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیش بۆ درووستکردنی 4 ناوەندی هەماهەنگی سەربازیی لە بەینی هەردوولا لەو ناوچانە بە ناچڵی ماوەتەوە. بەڵام هەمو بابەتەکە ئەو بۆشاییە ئەمنییانە نین!

ئێستا لەبەردەم سەرهەڵدانەوەیەکی نوێی داعشداین. جیلێکی تازە و ستراتیژێکی نوێی داعش لە گۆڕێدایە. بەڕەسمی جوگرافیایەکی لە دەستدا نییە بەڵام، لە سنوورێکی فراواندا بە درێژایی نزیکەی 400کم، لە باکووری رۆژئاوای عێراقەوە هەتا رۆژهەڵات توانای مانەوەو جموجۆڵی هەیە کە، لە هەندێك شوێنیشدا پانتاییەکەی لە 200کم زیاترە. زیادبوونی کردەوەکانی داعش لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بێ هۆ نییە. نەبوونی هەماهەنگی و متمانە لە نێوان هێزەکانی دژی داعش، هەبوونی ئەجیندای جیاوازی سیاسی و تەنگەتاوکردنی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی لە ریزی گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە دەرفەتی جموجۆڵی داعش زیاتر دەکەن.

گەڕانەوەی داعش؟

دوای نزیکەی 4 ساڵ لە ئاسایشێکی رێژەیی لە دەست هێرشەکانی داعش، لە سەرەتاکانی 2021وە جارێکی دیکە جموجۆڵەکانی ئەو رێکخراوە زیادیان کردووە. تەقینەوە، پەلاماردانی هێزە ئەمنییەکان و کردەی جیاوازی دیکە دەکەن و ئەمەش ئەو پرسیارەی ورژووان‌دووە کە ئایا داعش خەریکە زیندوو دەبێتەوە یان نا؟ رەوتی رووداوەکان لە 2020 و سەرەتاکانی ئەمساڵیش ئەوەیان دەرخستوە کە ژمارەی کردەوەکانی داعش زیادیان کردووە.

لە ماوەی ساڵی 2020 هەتا مانگی یەکەمی ئەمساڵ، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، لە عێراق و سوریا 505 جووڵەی کردووە. لەوانە 138 هێرشی ئاسمانی لە عێراق کردووە و 86دانەش لە سووریا .[1] ئەمەش دەریدەخات کە لە 2020وە داعش لە عێراق زیاتر چالاکتر بووە هەتا سووریا. هەر بە گوێرەی ئەو ئامارانەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی، لە هێرشەکاندا، لانیکەم 59 ئەشکەوت، 7 سەنگەر، 12 تونێل و 14 کۆگا و 3کەمپی داعش وێران کراون. ئەوانەش هەموو دەرخەری ئەوەن کە داعش جێگای بۆ مانەوە خۆش کردووە هەرچەندە بە رەسمی جوگرافیایەکیشی نەبێ!

یەکێك لەو نیگەرانییانەی کە هەموو هێزە شەڕەکەرەکانی دژی داعش دانی پێدادەنێن، ئەوەیە کە ئەو رێکخراوە هێشتا توانای راکێشانی خەڵکی بۆ لای خۆی هەیە و تەنانەت، ئەمەشی لە کەمپەکانی ژێردەسەڵاتی ئەوانیشدا کردووە. لەوانەیە سەرنجڕاکیش بێت، بەڵام جیلی دووەمی داعش خەریکە لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی دژی داعشەوە پێدەگات! ئەمە نیشانەیەکی ئاشکرای ئەوەیە کە ئەوەندەی بایەخ بە رەهەندە سەربازی و ئەمنییەکەی شەڕی دژی داعش دراوە، ئەوەندە بایەخ بە رەهەندەکانی دیکەی ئەو شەڕە، بە تایبەتی بەرنگاربوونەوەی ئایدیای توندەڕەوی نەدراوە. لەوانەیە خاڵە هەرە لاوازەکەش ئەوە بێت.

بێ متمانەیی هێزەکان بە یەکتری

کێشەیەکی گەورەی متمانە لە نیوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی دیکەی عێراقدا هەیە. هەرچەندە پاساوی ئەمە بۆ رووداوەکانی 2017دەگەڕێندرێتەوە بەڵام، لە راستیدا ئەمە ریشەیەکی قووڵتری هەیە. پرسی بودجەی پێشمەرگە و بەشنەدانی پێشمەرگە لەو چەکانەی کە عێراق دەیانکڕێت یان وەریاندەگرێت، نموونەی دیکەی ئەو بێمتمانەییەن کە دەشێ ریشەکەی قووڵتر بێت. لە سحێلاوە هەتا خانەقین گەلێك بۆشایی ئەمنی لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق و باقی هێزەکانی دیکەدا هەیە، کە لە هەندێك شوێن لە ملی باکووری ئەو سنوورانەوە، لەدرێژترین مەودوادا هەتا نزیکەی 100کم و لە ملی باشووریشەوە لە زۆرترین مەسافەدا هەتا نزیکەی 50کم دەگات و لە هەندێك جێگاشدا لەوانە کەمترە. ئەو بۆشاییە دەرفەت دەداتە داعش، بەڵام ئەگەر پڕیش بکرێنەوە دیسان بەهۆی بارودۆخی تۆپۆگرافی و باری کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانەوە، هەر ئەگەری دزەکردنی داعش دەمێنێت. هەرچەند لەوانەیە بە رێژەیەکی زۆر کەم بکات. بابەتی دروستکردنی ناوەندی هاوبەش، گەڕانەوەی پێشمەرگە، یان درووستکردنی هێزی هاوبەش سەبارەت بەوناوچانە هێشتا لە رۆژەڤدان و تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجام.

گوشاردانان لەسەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی

تەنگەتاوکردنی هاوپەیمانی نیودەوڵەتی، بەهۆی ئەو هێرشانەی کە میلیشیکان جاربەجار دەیکەن کاریگەری لەسەر شەڕی دژی داعش دادەنێت. خواستی سیاسی بۆ دەرچوونی ئەمریکا و گوشاردانان بۆ سەر هاوپەیمانی نیودەوڵەتی ڕێی کردەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕۆژانی کۆتایی ئاداری ساڵی 2020دا، بنکەی ئاسمانی گەیارە و ناوەندی ئۆپەراسیۆنی نەینەوا- ڕۆژئاوا[2] و بنکەی کەی وان لە کەرکووك رادەستی هێزە عیراقییەکان بکرێت. ئەوانەش هەرسێکیان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمن و بینیمان کە دوای ئەو رادەستکردنە دۆخی ئەو ناوچانە بە کردەوە خراپتربوو.هەرچەندەی باوەڕێکی وا خەریکە بڵاودەکرێتەوە کە عێراق ئیدی بە تەنیا دەتوانێ دەرەقەتی داعش بێت بەڵام، راستییەکەی زۆرێك لە فەرماندە سەربازییەکان دان بەوەدا دەنێن کە هێشتا پێویستییان بە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی زۆرە.

هەوڵەکانی لاوازکردنی توانای ئاسمانی عێراق

جێگیربوونی داعش لە ناوچە بیابانییەکانی ڕۆژئاوای عێراق و ناوچە شاخاوییەکانی ناوەڕاست، گرنگی لە رادەبەدەری هێزی ئاسمانی بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو گرووپە دەردەخات. هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی لە ئابی 2014وە هەتا جانیوەریی ئەمساڵ، 34956 جار هێرشی ئاسمانیی کردۆتە سەر داعش،[3] بەوەشەوە هێشتاش ناتوانین بێژین داعش لەناوچووە. بێجگە لەوە، عێراق توانایەکی بەهێزی ئاسمانیی نییەو، سەیر لەوەدایە کە گرنگترین بنکەی هێزی ئاسمانی عێراق لە پارێزگای سەلاحەدین کە بۆ پاڵپشتیکردنی ئۆپەراسیۆنە زەوینییەکان لە سەلاحەدین، باشووری کەرکووك، تەنانەت ئەنبار و دیالەش پڕیایەخە، بەردەوام موشەکباران دەکریت!

لە مانگی 2ی ئەمساڵەوە هەتا ئێستا لانیکەم 6 جار هێرشی موشەکی کراوەتە سەر بنکەی بەلەد کە بە وتەی قاسم ئەعرەجی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، هێزی بیانیشی لێ نییە.[4] دواجار بەهۆی ئەو هێرشانەوە کۆمپانیای لۆکهید- مارتن، کە کاری پاراستن و تەعمیرکردنەوەی فڕۆکە ئێف-16کانی عێراق بوو، لەو بنکەیە کشایەوە.[5] ئەمەش شتێك بوو کە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لێی دەترسا و روویدا.[6] هێرشی بەردەوام لەسەر بنکەی ئاسمانیی بەلەد، ئەو پرسیارەی درووستکردووە کە ئایا هێز و لایەنێك هەن کە نایانەوێت عێراق لەڕووی هێزی ئاسمانییەوە لەسەر پێ بێت؟ ئایا دەیانەوێت فڕۆکە و درۆنی وڵاتی دیکە بکڕێت؟ ئەمانە هەمووو پرسیاری بێ وەڵامن و هیشتا ناڕوونن، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە کە، بێکاریگەر هێشتنەوەی بنکەی بەلەد لەماوەی درێژخایەندا کاریگەری لەسەر توانای عێراق بۆ شەڕی دژی داعش دادەنێت. جا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئەمە بە کەڵکی کێ دێت؟

[1] _ https://www.inherentresolve.mil

[2] -https://media.defense.gov/2020/May/13/2002298979/-1/-1/1/LIG_OIR_Q2_MAR2020_GOLD_508_0513.PDF

[3] _
https://www.inherentresolve.mil/Portals/14/CJTF-OIR%20PR-20210416-01-CIVCAS%20%28January%202021%20Data%29.pdf

[4] _ https://www.ina.iq/125387_.html

[5]ttps://www.france24.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AE%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B3%D8%AA%D9%85%D8%B1%D8%A9/20210511-%D9%84%D9%88%D9%83%D9%87%D9%8A%D8%AF-%D9%85%D8%A7%D8%B1%D8%AA%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%85%D9%8A%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A9-%D8%AA%D8%BA%D8%A7%D8%AF%D8%B1-%D9%82%D8%A7%D8%B9%D8%AF%D8%A9-%D8%B9%D8%B3%D9%83%D8%B1%D9%8A%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A8%D8%B3%D8%A8%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D9%87%D8%AC%D9%85%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%A7%D8%B1%D9%88%D8%AE%D9%8A%D8%A9

[6] _ https://www.ina.iq/125637_f16.html